# بۆ شێخ ستارتان لێمان کرد؟ ... ڕاڤە محمد

April 27, 2008, 00:05:00

بۆ شێخ ستارتان لێمان کرد؟ ... ڕاڤە محمد

سە ر لە بە یانی رۆژی چوارشەممە بوو، 5. 3. 2008، بە زەنگی مۆبایلەکەم خەبەرم بووەوە کە



دایکم بوو، ووتی کچم هەستاویت لە خەو؟ ئەو ڕۆژە درەنگ دەوامی زانکۆم هەبوو چونکە تاقیکردنەوەم هەبوو. وەک هەموو بەیانیانی دیکە منیش هەستام و دەست و دەموچاوم شۆری و خەریکی جل گۆڕین بووم. ڕێژنەی خوشکم لەبەر تۆزێک نەساخی تەندروستی بڕیاری دابوو ئەو ڕۆژە نەچێتەوە بۆ قوتابخانە بۆیە جارێ نوستبوو. هەرچەن ماندوو بووم چونکە شەوی پێشوو زۆرم سەعی کردبوو بۆ ئەو تاقیکردنەوەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا دڵخۆش بووم کە ئیتر بەهارەو زۆری نەماوە بۆ پشووی هاوین بۆ ئەوەی خۆم و خوشکەکەم و دایکم سەفەری کوردستان بکەین وەکوو هاوینانی پێشووتر. دووبارە زەنگی مۆبایلەکەم لێی داوئەم جارەشیان هەر دایکم بوو. وەڵامم دایەوەو ویستم بڵێم دایکە گیان هەستام لە خەو خەمت نەبێت، بەڵام لەبەر گریان و هاواری ئەو فریا نەکەوتم هیچ بڵێم، نەمدەزانی ئەوە گریانە یاخود پێکەنین چونکە هەرگیز گوێم لە دایکم نەبووە بەو شێوەیە بگری. ووتم دایکە چیە خێرا بڵێ، لە وەڵامدا وتی باوە ستار کوژراوە! خۆشم نازانم لەو چرکەیەدا هەستم بە چی کرد، مەحاڵە پێناسە کردنی. بە دەم گریانەوە دەست و برد خوشکەکەم خەبەر کردەوە، ئەو سەری سوڕماو ترسێکی زۆر دایگرت کە منی بەو شێوەیە بینی، پێم ووت کە دایکم ئەڵێت باوە ستار کوژراوە. وتی چی؟ چۆن؟ کەی؟ بۆ؟ لە کوێ؟ دڵنیایت کە باوە ستارە یان کەسێکی تر؟ ئاخر چاوەڕوانی مەرگی هەموو کەسە نزیک و خۆشەویستەکانمان بکردایە چاوەڕوانی شەهید بوونی شێخ ستارمان ناکرد، نەک تەنها ئێمە بەڵکو زۆر زۆر کەسانی تریش نزیک تا دوور. ئەو کەڵە پیاوە، ئەو مرۆڤە دڵپاک و ڕاستگۆیە، ئەو خەزینەی زانست و زانیاری و ڕۆشنبیریە، ئەو مرۆڤە ئازاوچاونەترس و بوێرە، ئەو کوردپەرستەی وولاتی نیوزلاندای جێهێشت و گەڕایەوە بۆ باوەشی شارەکەی خۆی، بۆ باوەشی کەرکوکی بێ کەس تاکو خزمەتی بکات و لاوەکانی ڕۆشنبیر بکات بە وانە وتنەوە لە زانکۆدا، ئەو مرۆڤە 75 ساڵەی هەموو ڕۆژێک لە گەنجێک دڵخۆشتر سەردانی پارچە زەویەکەی ئەکرد کە گەنم و جۆی لێ چاندبوو وە چاوەڕوانی بەرهەمەکەی دەکرد، چۆن توانیتان ژیانی لێ بسێننەوەو بەو فیشەکە پیسە دڵی سارد بکەنەوە؟؟؟ ئایە ئەبێت مرۆڤ ئەوەنە بێ بەزەی و زاڵم و بێ ویژدان بێت وەکو ئێوە؟ ئێستاش جارێکم لە یاد نییە کە بە تەلەفون قسەمان لەگەڵ باوە ستار کردبێت و وتبێتی بێزارم دڵگرانم یاخود تەندروستیم باش نیە، هەموو کات کە پرسیارمان لێ ئەکرد چۆنیت لە وەڵامدا ئەیووت گرمەم دێت ئەمەنە باشم. هاوینان کە سەردانی کوردستانمان دەکرد شەوان درەنگ لە کۆڵانە تاریکەکانی سلێمانی من و خوشکەکەم و کچەکانی پوورم و باوە ستار پیاسەمان ئەکرد وەکو وەرزشێک، ئەو زۆر لە ئێمە بە تواناتر بوو بۆ ڕێ کردن، کاتێک کە ئێمە ماندوو ئەبووین بە پێکەنینێکەوە ئەیوت بەخوا عەیبە بۆ ئێوە وا تەمەڵن. شێخ ستار تەنها باپیرمان نەبوو، ئەو تەنانەت لە دایکمان و باوکیشمان خۆشەویستتر بوو بۆمان. ئەو فێری من و خوشکەکەمی کرد کە خوێندن و زانستمان خۆش بوێت، فێری کردین کە نیشتیمان و خاک و کەسی خۆمانمان خۆش بوێت گەرچی لە هەندەرانیش بژین، فێری کردین کە دواڕۆژ بگەڕێینەوە کوردستان و خزمەتی گەلەکەمان بکەین.

بۆ ئێمە گرنگ نیە بزانین کێ بوو یاخود کێ بوون ئەوانەی ئەو کارە قێزەونەیان کردو شێخ ستاریان شەهید کرد، بەڵام ئەوەی نووسینەکان و کتێبەکانی شێخ ستاری خوێندبێتەوە گومان ناکات لەوەی کە کێ بوون ئەوانەی ئەو کارەیان ئەنجام دا. شێخ ستار زۆر چاونەترسانە توانی زۆر شت بدرکێنێ کە کەسی تر تا ێستا نەیدرکاندبوو. وا دیارە تا ئێستا لە وولاتی ئێمەدا کەس ناتوانێت بە ئازادی قەڵەم بەکار بێنێت و ڕاو بۆچوونی خۆی بڵێت، یاخود حەقیقەتی کەسانێک بدرکێنێت! پەندی پێشینانێکی زمانی فینلەندی هەیە کە دەڵێت فیشەک نان بە قاچی خۆتەوە، ئەوەی شێخ ستاری شەهید کرد لە هەمان کاتدا فیشەکی نا بە قاچی خۆیەوە. ئەو فیشەکەی دڵە پاک و گەورەکەی شێخ ستاری سارد کردەوە هەر ئەو فیشەکە بوو کە جارێکی تر لە دایک بوونەوەیەکی تری بۆ شێخ ستار نووسیەوە، بەڵام ئەو دەست چەپەڵانە ئەمەیان نەزانی. ئەگەر پێشتر 10 کەس شێخ ستاری بناسیایە ئێستە دوای شەهید

بوونی 100 کەس ئەیناسێت، ئەگەر پێشتر 10 کەس باوەڕی بە نووسینەکانی هەبوویێت ئێستە بووەتە 100 کەس. ئەوانەی ئەم کارەیان کرد لە ترسنۆکی و زەعیفی خۆیان زیاتر هیچ شتێکیان نەسەلماند. ئێستە شێخ ستار بە جەستە لەگەڵمان نیە و جێی هێشتین و شەهید بوونی خەم و کۆسپێکی زۆر گەورەی بۆ هەموو بنەماڵەکەی و کەسە خۆشەویستەکانی دروست کرد، بەڵام ئەو بە ڕوح دایم لەگەڵماندایەو هەرگیز ناتوانین لە یادی بکەین. یادگاریەکانی شێخ ستار هەر لەگەڵمان ئەبن تا ئەو ڕۆژەی ئێمەش ئەچینە ژێر گڵەوە. ئێستاش من و خوشکەکەم و دایکم ناڵێین بە گۆڕی باوە ستار، بەڵکو ئەڵێین بە سەری باوە ستار.

تێبینی

داوای لێبوردن لە خوێنەران ئەکەم ئەگەر نووسینەکەم لە ڕووی زمانی کوردیەوە کەم و کوری و هەڵەی تێدا بێت، چونکە ئەمە یەکەم جارمە بابەتێک بە زمانی کوردی بنووسم.

کچەزای شێخ ستار

ڕاڤە محمد

فینلەندا

26. 4. 2008